### ترس هۆکاری سەرەکی راکردنی هاوڵاتییانە لە زوومی کامێراکان

# کچێك: لەبەر ئەوەی لەتەلەفزیۆن دەرکەوتم سێ رۆژ لەماڵەوە بەندیان کردم



**چریکە مەخمووری**

ترس دێوەزمەی مەرگێکی لەسەرخۆیەو هێدی هێدی تواناکانمان فەنا دەکاتو بەرەو بێ هێزیمان دەبات، هەروەها ترس دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە بەتایبەت بەرامبەر کامێراکانی راگەیاندنو ئامرازەکانی. "هەر کاتێك بەرامبەر کامیرایەك یان راگەیاندن دەبمەوە تەزوو بەلەشمدا دێتو ترسێکی گەورە دام دەگرێت" ئەمە قسەی خەندە نووری دەرچووی ئامادەیی بوو کە خاوەنی دوو منداڵە هەروەك دەڵێت "دەترسم کەسێك ببینێتو قسەیەکم بۆ دروست بکاتو کێشە لەماڵەکەم بنێتەوە، هەرچەندە پیاوەکەم کەسێکی رۆشنبیرەو دڵی پاکە، بەڵام کەسانێکی ناتێکەیشتوو هەن لەدەوروبەرمان چاویان بۆ هەڵەی خەڵك کراوەیە". هاونازخان دانیشتووی شارۆچکەی سۆران ئەو پێی وایە "ئێمە لەکۆمەڵگایەکی دواکەوتووینو ملکەچی دابونەریتێکی سەقەتین، بۆ نموونە من دوو جار بەهۆی کێشەی نێوان مامۆستاو قوتابیو پێداویستییەکانی خوێندن رووبەڕووی کامیرای راگەیاندن بوومەتەوەو وەڵامی پرسیارەکانم داوەتەوە،دوای دابەزینی لەکەناڵەکان خزمو کەسانی خۆم نەفرەتیان لێ کردم، دوومامم هەرەشەیان بۆ ناردبووم، براکەشم ناچار سێ رۆژ لەماڵەوە بەندی کردم، بۆیە ئێستالە هەموو پیاوێك دەترسمو نامەوێ ژیانی هاوسەری پێك بهێنم".

نەوزاد ئەحمەد تەمەن ٣٨ ساڵ پیشەی فەرمانبەر دەڵێت "ئێمە خۆمان کۆمەڵێ ترسو نیگەرانیمان بۆ خۆمان دروست کردووە، کە نازانین هۆکارەکەیشی چی یە!، من تائێستا یەکجار بەرامبەر کامیرا قسەم کردووە، بەڵام رەنگم تێکچوو ئارەقەیەکی زۆرم کردبوو، تا رۆژی دواتریش هەموو گیانم دەلەرزی، سەیرە بۆخۆشم نازانم بۆ دەترسم".

ئاوارە خوێندکارێکی زانکۆیە لەهەولێر ئەو دەڵێت "منیش وەك هاوڕێکانم زۆر لەکامیرا دەترسام، هاوڕێیەکم پەیامنێرە رۆژێك داوای لێکردم قسە بکەم بەڵام نەمتوانی، ئەو هاوڕێیەم زۆر بوێرو چاونەترسە زۆر هاوکاری کردم تا توانیم تەوقی ترس بشکێنم، پێیگوتم کاتێ بەرامبەر کامیرا دەوەستی وابزانە منو تۆ بەتەنیاین بە ئارەزووی خۆت قسە بکە، ئیتر ترسم شکا زۆر سوپاسی دەکەم". هەرچی (رۆژان)ی تەمەن ١٨ ساڵان خوێندکاری ئامادەییە دەڵێت "ئێمە لەسەرەتای ژیانمان پێمان دەڵێن بترسن!، دایکم رۆژانە پێم دەڵێ کچم ئاگاداری خۆت بە لە هەموو شتێك بترسە، کاتێ لەرێگا دەڕۆی کەس نەتبینێ هاتیەوە خێرا خۆت بکە بەژووردا با کەس لەکۆڵان نەتبینێ، جا ئەو ترسو نیگەرانییە وادەکات خۆمان لەهەموو شت بشارینەوە، خوا نەخواستە کامیراکانی راگەیاندن کە لەهەموو دونیا پیشانت دەداتو لەهەموو ماڵێك سەیرت دەکەن، ئەمە دەبێ چ کارەساتێك بنێتەوە ؟!".

هاوڕێ محەممەد تەمەن ٢٥ ساڵ دوکاندارە لەمەخمور سەبارەت بەم باسە دەڵێت "من زۆر حەز دەکەم بۆ پەیامنێرەکان قسە بکەمو لەتەلەفزیۆن خۆم ببینمەوە، بەڵام چەند جارێك ویستوومە بچمە بەردەم کامیرا ترسێکی زۆر دایگرتووم نەمتوانیوە قسە بکەم، لەوە ترساوم هەڵەیەك بکەمو خەڵك گاڵتەم پێ بکەن"، لێمان پرسی بۆ هەڵە دەکەی؟ وتی "لەقسەکردن هەرگیز هەڵەم نەکردووە وەك پێم گوتن بەرامبەر کامیرا دەترسمو رەنگە ئەو ترسەش تووشی هەڵەم بکات".

رووجوان خان کچێکی تازە پێگەیشتووی نەخوێندەوارە دەڵێت "خۆ من سەرۆك نیم تا کامیرا بێت قسە لەگەڵ من بکات، دوای ئەوە باوکم بزانێت لە تەلەفزیۆن یان رۆژنامە ناوم ببینێ نایەڵێ یەك دەقەی دیکە بژیم دەمکوژێ".

دواجاریش دایکی ئیمان تەمەنی ٤٣ ساڵ خوێندەوارەو لەمەخموور دەژیت دەڵێت "ترس خەیاڵێکە مرۆڤ بۆ خۆی دروستی دەکات ئەگینا پیاوەکان لە هیچ ناترسن، بەڵام بەرامبەر کامیرا ناتوانن قسە بکەن"، دایکی ئیمان زۆر بەراشکاوانە دەڵێ "من بەرامبەر کامیرا ئامادەم قسە بکەمو وەڵامی هەموو پرسیارێك بدەمەوە، چەندین جار رووبەڕووی کامیرا بوومەوە، لەژیاندا تووشی زۆر کۆسپی گەورەو نارەحەتی هاتووم بەهیچ جۆرێك چۆکم دانەداوەو هەوڵم داوە بەسەری دا زاڵ بم"، هەروەها ئەو ترسەی کە خەڵك تووشی شۆك دەکات من لەگەڵی جەنگاومو سەرکەوتوو بومە.

**تێبینی/ بەشێك لەناوەکان خوازراون.**

# ئازاری دووری



**مەولود ئاکۆیی**

تۆی خەمت لەجەستە چاندم چاوەرێی مردنت لێم کرد
باری بێ هیوام لە گوڵناو رێ ی قەدەری نادیارم گرت
هەموو شەوێ لەچاوی تۆ مانگ قژی خۆی شانە دەکرد
منیش چاوم تێ دەبڕی و تاڵ تاڵ قژیم ئەژمار دەکرد
شەوم هەڵدەستان لەخەوێ و لۆمەی جوانی مانگم دەکرد
بەهیواوە گەڕامەوە شەقام شەقام شارم پەی کرد
نە شار وەکو جاران ماوە نە لەشەقام برِم دەکرد
ئێستاکە دارێکی پیرە نەمامێ بوو کە بارم کرد
نازانێ ئازاری دووری کە زامەکەی چی لە من کرد
پێنوس بێزاربوو لە نامە و خامە گلەیی لێم کرد

# خۆشەویستی راستەقینە



**شەماڵ محەممەد**

خۆشەویستی ئەو هەبوونەیە ماڵی دڵ ئاوەدان دەکاتەوە... عیشق سەهۆڵ بەندانێکە هیچ گیاندارێکی لێ ناژی عاشقی سەرسەخت نەبێ... عیشق ئەو تاوێرە بەردە بێ سنوورەیە کاتێ کە لەترۆپکی چیای خۆشەویستیدا دەجولێ یان گڵ دەبێتەوە هیچ جۆرە بەربەستێك ناتوانێ پێشی بگرێ هەموو شتێك رادەماڵێ تا دەگاتە شوێنی مەبەست.

خۆشەویستی میوەو بەرهەمی درەختی عیشقە، کام خۆشەویستی؟ ئەو خۆشەویستییەی کە مرۆڤ دەگەوزێنێ لەنێو مەیدانی ژیان.

عاشق هیچ شتێکی نایەتە پێش چاو تەنهاعیشق نەبێ... عاشق لە پێناو تروسکایی دووری عیشقەوە هەنگاو دەنێ تادەگاتە ئەو قۆناغەی کە شوێنی مەبەستە. کۆتایی لەدنیای عیشقدا نییە. عیشق شتێکی روحیو نەمرە لەگەڵ هەموو گیاندارێك دەژی گەر عیشق نەبێ ئەوا ژیان بێ لەزەتو بێ مانایە.

هەڵبەتە لەهەموو کۆمەڵگایەك لەنێو ژیانی گشت چینو توێژێکەوە هەستێك بەدی دەکرێت بەناوی خۆشەویستی, بەڵام چ جۆرە خۆشەویستیەك. خۆشەویستی بەهەموو مانا فراوانیەکەی لەنێو کۆمەڵگا بەچەندین وێنە نمایش دەکرێ بەڵام تا چەند ئەم هەستە جۆراو جۆرانە دەچێتە خانەی خۆشەویستی راستەقینە. هەر بۆ ئەم مەبەستە چەندین دیاردە دەخەینەڕوو کە ئەمانە ناچنە نێو خانەی خۆشەویستی راستەقینە.

- کاتێك لەرەگەزی نێر یاخود مێ سەرسام دەبێت بەرەگەزی بەرامبەری جا ئەم سەرسام بوونە بەلەشو لار بێت یان بە پێکەنینی بێت یان بەهەڵسو کەوتی بێت.
- بۆ مەبەستی غەریزەی سێکسی.
- حەسوودی یان تێکچوونی باری دەروونی, کاتێك دوو خۆشەویست دەبینێ حەسوودیان پێ دەبات حەز دەکات نێوانیان تێك بداتو خۆیی کارەکە ئەنجام بدات,ئەم رووداوانە زۆر جار رووی داوە.
- بۆ مەبەستی خۆدەوڵەمەند کردن جا چ کورەکە دەوڵەمەند بێت یان کچەکە.
- هەروەها بەیەکگشتنی دوو عاشقو دوای ئەنجام دانی پرۆسەی هاوسەرگیری دەبینین چەندین خاڵ جیاواز لەنێوانیاندا هەیە ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی لێك جیاببنەوە.
- هەروەها ئەو خۆشەویستییەی دوای پرۆسەی هاوسەرگیری دێتە کایەوە ئەمەش تارادەیەك ناچێتە خانەی خئشەویستی راستەقینە. چونکە چەندین بەرژەوندی دەکەوێتە نێوانیان بەهۆی ماڵو منداڵ. بەلام لەدوای ئەمە کاتێك باسی خۆشەویستی (مەمو زین یان شیرین و فەرهاد یان شەمو وەلی دێوانە... هتد) دەکرێ لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە لەبەرچی باسی ئەڤینو خۆشەویستی ئەمانە لەنێو میللەتی کور نابرێتەوە یاخود کۆتایی نایە؟ بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە بە بۆچوونی من ئەمانە پێیان دەوترێت خۆشەویستی راستەقینە. چونکە کاتێك خۆشەویستی دەگاتە لوتکەو مەبەستو کۆتایو کامل بوون هیچ چێژێکی نامینێ چونکە کاتێك هەموو ئامانجو ئاواتەکان هاتە دێ پاشان ئەم چێژەی نامینێو لەلای خەڵکیش قسەو باسی لەسەر ناکرێ, بەڵام کاتێك خۆشەویست زۆرترین قوربانی بۆ دەدرێو لەکۆتایی بەیەك ناگەن جابە هۆیی بۆ یەك نەبوون بێ یاخود مردن بێ, لەئەنجامدا ئەم خۆشەویستیە هەر دەمینێ ولەلایەن خەڵکیش هەر باسی ئەم خۆشەویستییە بێ سنوورە دەکرێ بۆ نمونە کاتێك دوو خۆشەویست بۆیەك نابن بۆ هەتا هەتایێ ئەم خۆشەویستیە لەناو دڵدا دەمێنێ، ژیانی مرۆڤ ئەوکاتەی خۆشە کە مرۆڤ بەهیواو ئاواتەوە بژی وهەوڵ بدات بۆ بەدی هێنانی ئاواتەکانیو ئەو کەسەی بێ هیواو ئاواتە لە ژیان ئەوا مرۆڤێکی تەواو نییەو هیچ چێژێك لەژیان نابینێ و ژیان بێ لەزەتو بێ مانایە لە لای ئەم کەسانە. بۆ زیاتر روون کردنەوەی بابەتەکە, خۆشەویستی راستەقینە واتە ویستی بەرامبەرەکەت بهێنیتە جێ واتە خۆشی بەرامبەرەکەت واتە نابێ لەخۆشەویستی راستەقینە نابێ خۆویست بیت دەبێت خۆنەویست بیت چونکە گەر خۆویست بی خۆشەویستی راستەقینە نایەتە کایەوە. لەژیان چەندین جۆرە خۆشەویستی هەیە وەك خۆشەویستی بەندە بۆ خولقێنەری یان خۆشەویستی دایكو باوكو خوشكو برا یان خۆشەویستی خاكو نیشتمان... هتد. بەڵام ئەوەی من مەبەستمە لەم بابەتەی خۆشەویستی خۆشەویست بۆ ئەوینەکەیتی.

# مەخموور سەیری مۆندیال دەکات

**دەنگی مەخموور**

جامی جیهانی یەکێکە لەپاڵەوانێتییە هەرە بەهێزەکانی دونیا کە چوار ساڵ جارێك بەڕێوە دەچێتو سەرنجی خەڵکانێکی زۆر بۆ لای خۆی رادەکێشێت، لەکاتی بەڕێوەچوونی یارییەکان لەسەرتاسەری جیهان خەڵك خۆیان پێوەی سەرقاڵ دەکەن، لەمۆندیالی ئەمساڵیش وەك خزمەتێك بەلاوانو وەرزش دۆستانی مەخموور، قایمقامی مەخموور هۆڵێك بۆ سەیرکردنی یارییەکان ئامادە دەکاتو بۆ یەکەم جار مەخموور بەشێوەیەکی خۆرایی سەیری مۆندیال دەکات.



رەعد سەعدی تەها سەرپەرشتیاری هۆڵەکە وتی "سەبارەت بەم هۆڵە قایمقامی مەخموور هەڵسا بەم کارە بۆ وەرزشدۆستو گەنجانو وەرزشوانانی مەخموور، دەست خۆشی لێدەکەینو بەکارێکی باشی دەزانین، چونکە ئەگەر بتەوێ سەیری یارییەکان بکەی دەبێ کارتت هەبێ، ئەگەر کارتت نەبێ ناتوانی سەیری یاری بکەی"، رەعد ئەوەشی گوت کە "گەنجان زیاتر روو لێرە دەکەن بەتایبەت لەیارییە بەهێزەکان خەڵکێکی زۆر دێن، ئێرە شوێنێکی خۆشەو ئامێری فێنککەرەوەی تێدایە، لەهەمان کاتیشدا ئاوو چایەو خواردنەوە گازییەکانی تێدایە، تائێستاش هیچ کێشەیەك رووی نەداوە.

دواتر دیار بەکر سەرپەرشتیارێکی دیکەی هۆڵەکە وتی "ئەم هۆڵە شوێنێکی گونجاوە زۆربەی وەرزشدۆستانی مەخموور روو لەم هۆڵە دەکەن بۆ سەیرکردنی یارییەکان، کارێکی جوانەو لەگەڵ ئەوەش هیچ کەموکوڕییەکی تێدانییە، بۆیە جێگای خۆیەتی دەست خۆشی لە قایمقام بکرێت بۆ ئەو کارە".

بارزان سەید کاکە قایمقامی قەزای مەخموور لەو بارەیەوە بۆ (دەنگی مەخموور) هاتە دووانو وتی "ئێمە وەکو قایمقامیەتی قەزای مەخموور بۆ گرنگیدان بەتوێژی گەنجان بۆ ئەوەی بەشداربن لەسەیرکردنی یارییەکانی مۆندیالو بێبەش نەبن لێی لەسەر ئەرکی خۆمان هەڵساین بە بەکرێگرتنی هۆڵێكو کڕینی کارتێك بۆ ئەو کەناڵانەی یارییەکان دەگوازنەوە، هەروەها دابین کردنی کارەبا بۆیان بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە وەکو گەنجانی دونیا ئەو دەرفەتەیان هەبێ سەیری یارییەکانی مۆندیال بکەن، هۆڵەکەش بۆ ماوەی ٥٠ رۆژو بە کرێی ١٥٠ هەزار دینارو کارتەکەش بەبڕی ١٣٠ هەزار دینار کڕدراوە، دوای یارییەکان کارتەکەش لەهۆڵەکە جێ دەهێڵین".

شایەنی گوتنە بەشی زۆری دانیشتوانی قەزای مەخموور بێبەش دەبن لەسەیرکردنی یارییەکان لەبەرئەوەی هیچ کەناڵێکی ناوخۆیی کوردستان پەخشی ناگاتە ئەو ناوچەیە، ئومێدەوارین کەناڵە ناوخۆییەکان خەمێك لەدانیشتوانی مەخموور بخۆنو وەکو ناوچەیەکی کوردستانی پەخشی کەناڵەکانیان بگوازنەوە بۆ ئەوەی ئەوانیش بێبەش نەبن لەسەیرکردنی رووداوو پێشهاتەکانو دانەبڕێن لەهەواڵو دەنگوباسی کوردستانی.

### مەردان چاوەڕێ:

# جگە لەشانۆ پێمخۆشە لەدراماش بەشداری بکەم

**کارزان غەمگین**



مەردان حەسەن ئەحمەد یەکێکە لە شانۆکارە بەتواناکانی مەخموور بە (مەردان چاوەڕێ) ناسراوە، ئەم شانۆکارە لەساڵی ١٩٧٧ لەشارۆچکەی مەخموور چاوی بەژیان هەڵهێناوەو قۆناغی سەرەتایی لەمەخموور تەواوکردووە، لەساڵی ١٩٩٧ژیانی هاوسەری پێکهێناوە، ناوبراو جگە لەکاری شانۆ بەشداری فیلمیش دەکات، گەرچی ئەم شانۆکارە لەناوەندەکانی هونەر نەیخوێندووە بەرێکەوت لەساڵی ٢٠٠٠ لەڕێگای شانۆکار (تاریق سەدیق) داوای لێ دەکرێت بچێتە نێو دونیای هونەرو شانۆی کوردیو بۆ یەکەم جار دەچێتە سەر تەختی شانۆ، ناوبراو یەکێکە لەئەندامانی (گروپی خەندەی شەو) بۆ شانۆو فیلم ، هەروەها بە یارمەتی مامۆستا جەلال خەیلانیو دڵدار خۆشناوو مام تۆفیقو چەندان شانۆکاری دیکە وەکو ئەکتەرێکی بەتوانا رۆڵی خۆی بەسەرکەوتوویی بگێڕێتو لە چەندین شانۆ بەشداری کردووە، لەوانەش: دکتۆری نەشارەزا، کراسی پیاوێکی بەختەوەر، بێ موراد، جگە لەچەندین شانۆی دی کە لەبۆنەو نەتەوایەتییەکانیش بەتایبەت (جەژنی نەورۆز، ساڵیادی کیمیاباران کردنی هەڵەبجە) رۆلی گێڕاوە، هەروەها لەچەند فیلمێك بەشداری کردووە لەوانەش فیلمی (پیری چاوچنۆك) رۆڵی سەرەکی دەبێ، هەروەها لەفیلمی (کاتێك هەڵەبووم) بەشداری کردووە، لەگەڵ دلێر حسام لەفیلمی (بەرەو ئاسۆ) بەشداری کردووە.

سەبارەت بەکاری شانۆیی ئەم شانۆکارە دەڵێت "حەز دەکەم لەدراما بەشداری بکەم، لە هەر شوێنێ پێویستیان پێم هەبێ من ئامادەم بەشدارییان لەگەڵ بکەم، لەبەرنامەم دایە لەگەڵ مام تۆفیقو کاك تاریق سەدیق دەست بەکاری دەرهێنانیش بکەم"، چاوەڕێ بۆ ماوەی دوو ساڵ لەگەڵ گروپەکەی لەڕادیۆی دەنگی لاوان لەبەرنامەیەکی هەفتانە بەشداربوو کە چەندین چیرۆكو بەسەر هاتو پەندیان کردووە بەفیلم پێشکەشی هاوڵاتییانی دەڤەری مەخمووریان کردووە.

### (دەنگی مەخموور) خوێندنەوەیەك بۆ جامی جیهانی باشووری ئەفریقیا دەكات

# مۆندیالێكی شێتانە، تەنها ئیسپانیا بەژیری هاتە دەرەوە

**هیوا قادر**

كە ماڵئاوایمان لەمۆندیالی ئەڵمانیای ٢٠٠٦كرد، بەتامەزرۆوە لەچاوەڕوانی مۆندیالی ٢٠١٠ بووین كە بۆ یەكەمین جار كیشووەری ئەفریقیا ئەم رووداوە گرنگە وەرزشییە لەباوەش بگرێت. چەندین جاریش گومان لەسەر وڵاتی باشووری ئەفریقیای میوانداری پاڵەوانێتیەكە دروست بوو كەنەتوانێت لەكاتی خۆی یاریگاكانی ئامادەبكات كەچی لەكۆتاییدا توانی پێشوازی لە (٣٢) هەڵبژاردە بكات كە نوێنەری كیشوەرەكانی جیهان بوون.

**مۆندیالی ئەنجامە چاوەڕوان نەكراوەكان**

لەمۆندیالی ٢٠١٠ی باشووری ئەفریقیا چەندین ئەنجامی چاوەڕوان نەكراو روویاندا، گەرچی لەمۆندیالەكانی پێشووش ئەنجامی چاوەڕوان نەكراو روویان دەدا، بەڵام ئەمجارەیان بەشێوەیەكی زەقترو زیاترو تێبینی كراوتر بوون. بەدرێژایی ١٨ مۆندیالی رابردوو رووینەداوە كە هەڵبژاردەی خاوەن خاكو جەماوەر لەقۆناغی یەكەم مۆندیال جێ بهێڵێت كەچی ئەمە بەسەر هەڵبژاردەی باشووری ئەفریقیا جێ بەجێ بوو. دەرچوونی خاوەن نازناوی پێشوو لەگەڵ دووەمی مۆندیالی پێشوو بەئەنجامو ئاستێكی سادە لەقۆناغی یەكەم ماڵئاواییان لەمۆندیال كرد، كە ئەوانیش هەردوو هەڵبژاردەی ئیتالیای پاڵەوانی ٢٠٠٦و فەرەنسای دووەمی مۆندیالی ٢٠٠٦ بوون. لەلایەكی دیكەوە چاوەڕوان دەكرا هەڵبژاردەكانی كیشوەری ئەفریقیا بتوانن ئەنجامێكی شایستە تۆماربكەن كەچی لەكۆی ٦ هەڵبژاردەی كیشوەرەكە تەنها هەڵبژاردەی غانا توانی بگاتە قۆناغی دووەم.

**ناوبژیوانان پاڵەوانی مۆندیال بوون**

لەمۆندیالی باشووری ئەفریقیادا ناوبژیوانان بەپێی پێویست سەركەوتوو نەبوونو هەڵەی زۆریشیان ئەنجامدا كە هەڵەكانیان سادەنەبوون، بەڵكو كاریگەریان هەبوو لەسەر ئەنجامی یارییەكان. ئەگەر ئەم هەڵانە نەبوایە بێگومان هەندێك لەهەڵبژاردەكان بەجۆرێكی دیكە دەردەكەوتن.

بۆنموونە یاری نێوان ئەڵمانیاو ئینگلتەرا ناوبژیوان گۆڵێكی تەواوی لەئینگلیزەكان رەتكردەوە. لەیاری نێوان ئەرجەنتینو مەكسیك گۆڵی یەكەمی كارلۆس تیڤزی ئەرجەنتینی ئۆفسایدێكی روونە. لەیاری چوارگۆشەی زێرین گۆڵی دووەمی هۆڵەندا لەتۆری ئۆرۆگوای ئۆفسایدە، تەنانەت لەیاری دەسپێكی مۆندیال زۆر بەسەیری ناوبژیوانی هێل گۆڵێكی لەمەكسیكیەكان رەت كردەوە كە لەتۆری باشووری ئەفریقیا تۆماری كرد.

**مۆندیالی باشووری ئەفریقیا گۆڕستانی ئەستێرەكان بوو**

لیۆنێل میسی، واین رۆنی، ریكاردۆ كاكا، كریستیانۆ رۆنالدۆ، فرناندۆ تۆریس...هتد لەو یاریزانانە بوون كە بتوانن لەمۆندیال ئاستێكی بەرز پێشكەش بكەنو ئەنجامی یاریەكان بگۆڕن كەچی وادەرنەچوو. میسی كە باشترین یاریزانی ٢٠٠٩ بوو، باشترین گۆلگاری ئیسپانیاو ئەورووپا بوو كەچی لەگەڵ هەڵبژاردەكەی وەكو بێگانە دەردەكەوت تەنانەت نەیتوانی گۆڵێكیش تۆماربكاتو بەدەستی بەتاڵی ماڵئاوایی لەمۆندیال كرد. هەر بەهەمان شێوەی میسی، واین رۆنی ئینگلیزیش كە بەسەرە رمی ئینگلیزیەكان دانرابوو جگە لەوەی نەیتوانی هیچ گۆڵێك تۆماربكات تەنانەت نەشیتوانی ئاستێكی شایستە بەخۆی پێشكەش بكاتو هەڵو دەرفەتی بەهاورێیانیشی بدات.

**گیانلەوەری دەریای (هەشت پێ) پێشبینی كارێكی بەتوانا**

لەیاریەكانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بۆزانینی ئەنجامی یاریەكان لەپێش هەر یاریەك پەنا دەبردرایە بەر (هەشت پێ) كە گیانلەوەرێكی دەریایی بوو لەنێز حەوزێكدا دایاندەناو پاشان خۆراكیان بۆ دەختە نێو سەبەتەكە هەریەك لەسەبەتەكان ئاڵای هەڵبژاردەیەكی لەسەربوو، كاتێك كە گیانلەوەری هەشت پێ چووبوایە سەر ئەو سەبەتەی ئاڵای یەكێك لەدوو هەڵبژاردەكەی لەسەرو خۆراكەكەی بخواردایە مانای سەركەوتنی ئەو هەڵبژاردەیە بوو. ئەوەی جێگای سەرسوورمان بوو لەهەر (٧) یاریەكەی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا ئەم (هەشت پێ)یە پێشبینیەكانی راست دەرچوون.

**ئیسپانیا بۆ یەكەمین جار لەلوتكەی مۆندیال**

كات ٢٠١٠/٧/١١ شوێن یاریگای سۆكەرسیتی.. رووداوەكە بریتی بوو لەبوونە پاڵەوانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا لەمۆندیالو ناویشی چووە مێژووی تۆپی پێ لەدەرگایەكی فراوانەوە. هەڵبژاردەی ماتادۆری ئیسپانی كە ئەركێكی زۆری كێشا تاكو توانی نازناوەكە بەرزبكاتەوە بۆ یەكەمین جار لەمێژووی خۆیدا.. گێمی یەكەم ئیسپانیا بەهێرش بردن دەستی پێكردو چەندین هەلی بۆرەخسا بەبێ ئەوەی بیكات بەگۆڵو بەم جۆرەش بواری بۆ هەڵبژاردەی هۆڵەندا رەخساند تاكو لەگۆڵی ئیكەر كاسیاس نزیك ببنەوە، بەڵام هۆڵەندیەكانیش بەهەمان شێوە نەیانتوانی گۆڵ تۆمار بكەن.

لەگێمی دووەمیش هاورێیانی (پیۆل) هەوڵیاندا لەكاتی یاسایی كۆتایی بەیاریەكە بهێننو هەل لەدوای هەلیان بەفیڕۆ دەدا..لەبەر ئەوەش یاریزانە ئاست بەرزەكان لەبۆنە گرنگەكان خۆیان دەردەخەن هەربۆیە ئیكەر كاسیاس توانی هەوڵێكی رۆبن پوچەل بكاتەوەو گۆڵەكەی بپارێزرێتو هەردوولاش پەنایان بردەبەر كاتی زیادكراو كە تیایدا ئیسپانیەكان لەهێرشە نەزۆكەكانیان بەردەوام بوونو زیاتر لەهەلێكیان بۆرەخسا بەڵام بێ سوود بوو.

تا ئەوكاتەی (ئینیستا) موشەكێكی ئاڕاستەی گۆڵی هۆڵەندییەكان كردو بەم تاكە گۆڵەش ئیسپانیەكان بوونە پاڵەوانی جیهانو خۆشیو شادیش لەوپەری باكووری ئیسپانیا تاكو ئەوپەری باشوور دەستی پێكرد، هاورێیانی (ئینیستا)ش نازناوەكەیان بەرزكردەوە.. ئەوەی دوێنێش خەون بوو ئەمڕۆ ئیسپانیەكان لەسەر خاكی (نیلسۆن ماندێلا) كردیان بە واقیعو راستی.



## لەمۆندیالەوە

**عەبدولرەحمان ئادەم**

**ریالو بەرشە خۆشییەكانی ئیسپانیایان دابەشكرد**

دوای بەدەستهێنانی نازناوی مۆندیاڵ لەرۆژی ٢٠١٠/٧/١١ هەڵبژاردەی ئیسپانیا بەبردنەوەی لەهەڵبژاردەی هۆڵەندا بەگۆڵێكی (ئەنێستا) توانی ببێتە پاڵەوانی جیهان، ئەوەی لەهەمووی سەیرتر بوو لەكاتی ئاهەنگێرانی ئەو هەڵبژاردەیە بەدوو بەش یاخود دوو تیپ ئاهەنگیان دەگێرا، گروپێكیان پێكهاتبوون لەیاریزانانی بەرشلۆنە ئەوانیش یاریزانانی وەكو: پۆیۆل، زافی، ئینێستا، پیكیو چەند یاریزانی دیكە ئەوان ئاڵای هەرێمی كەتەلۆنیان بەرزكردەوەو گروپەكەی دیكەش كە پێكهاتبوون لەیاریزانانی ریال مەدرید ئەوانیش ئاڵای ئیسپانیایان بەرز كردبووەوە.

**لەكاتی گەڕانەوەی رۆنالدۆ رێزیان لێ نەگرت**

بەڕێوەبەری هونەری هەڵبژاردەی پورتوگال ئەوەی راگەیاند كەلەكاتی گەڕانەوەی شاندی هەڵبژاردەكەیان بۆ وڵاتەكەی كریستیانۆ رۆنالدۆ رێزی لێنەگیراو لەلایەن جەماوەرەوە بەبێ بایەخ تەماشایانكرد وەك جاران رێزیان نەگرت، ئەم هەڵوێستەش دوای ئەو ئاستە خراپەی كە بەرامبەر هەڵبژاردەی ئیسپانیا ئەنجامیدا.

**هاندەرێكی ئەفریقی دەچێتە ناو كتێبی گینیس**

هاندەرێكی تۆپی پێی وڵاتی باشووری ئەفریقیا بەناوی (سولانی نجكوبر) ناوی چووە قامووسی گینیس دوای شكاندنی ژمارەیەكی پێوانەیی بەئامادەبوونی لە ٢١ یاری جامی جیهانی لەهەشت یاریگای جیاوازدا كە دوا یاری نێوان ئیسپانیاو شیلی بوو، ژمارەی پێوانەیی پێشوو ٢٠ یاری بوو.

# ئاواتەكەی مارادۆنا نەهاتەدی بەرووتی بسورێتەوە



**زیلان خۆشناو**

دیگۆ مارادۆنای ئەفسانەی تۆپی پێی ئەرژەنتینیو راهێنەری هەڵبژاردەی ئەرژەنتین بڕیاری دابوو ئەگەر هەڵبژاردەی ئەرژەنتین نازناوی مۆندیال بەدەست بهێنێت ئەوا بەرووتی لەناو ئەرژەنتین بسوورێتەوە. لەدوای ئەوەی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین لەچارەكی كۆتای مۆندیال رووبەڕووی ئەڵمانیا بووەوە مارادۆناو یاریزانەكانی نەیانتوانی بەسەریدا سەركەوونو بەئەنجامێكی گەورە یارییەكەیان بە ئەڵمانییەكان دۆراند.

لەو كاتەی ئەرژەنتین پالێوراوی یەكەم بوو بۆ بەدەستهێنانی نازناوەكە، بەهۆی بوونی راهێنەرێكی وەك مارادۆناو ئەستێرەی لاو (میسی) كە باشترین یاریزانی جیهانە لەئێستادا و چەندین یاریزانی بەتواناتری وەك (ئەگوێرۆ، دیماریاو هیگواینو... هتد) كە هیچ لایەك پێشبینی نەدەكرد ئەرژەنتین بەو شێوەیە دەست بەرداری نازناوەكە بێت، لەبەر ئەوە لەكاتی دۆرانە گەورەكەی ئەرژەنتین لەدژی ئەڵمانیا بەئەنجامی ٤ گۆلی بێ وەڵام لەسەر دێری زۆربەی رۆژنامەكان نووسرابوو مارادۆنا نەیتوانی بەرووتی بسوورێتەوەو ئاواتەكەی نەهاتە دی.

# جامی جیهانی 2014 لەبەرازیل دەبێت

لەشاری جاهانسبۆرگ لەباشووری ئەفریقیا بەئامادەبوونی (لۆلا) سەرۆكی بەرازیلو سەرۆكی تۆپی پێی جیهان (جۆزێ بلاتەر)و بەبەشداربووی هەرسێ ئەستێرەی بەرازیل (رۆماریۆ، ببیتۆ، كاڤۆ) دروشمی جامی جیهانی بەرازیل ٢٠١٤ ئاشكراكرا، لەرێوەسمەكەدا دروشمی مۆندیالی ٢٠١٤ كە لەوڵاتی بەرازیل بەرێوەدەچێت ئاشكراكرا، دروشمی ئەمجارەی مۆندیال لەسەر دیزاینی جامی جیهانی دروستكراوە، كە لەسێ دەست داپۆشراوە بەرەنگی ئاڵای وڵاتی بەرازیلو بەرەنگی سوور ساڵی ٢٠١٤ نووسراوە.






# شاكیرا خۆی بەكچەكەی ئەفریقیا ناودەبات

**عەبدولرەحمان ئادەم**

خانمە هونەرمەندی بەناوبانگی كۆلۆمبی (شاكیرا) كە بەبنەچە لوبنانییە بەگۆرانی (واكا واكا) توانی مۆندیالی ٢٠١٠ لەباشووری ئەفریقیا جۆشو خرۆشێكی ئەوتۆی پێبداتو كە ببوە جێگەی باسو خواسی زۆرێك لەمیدیاكانی جیهان. گۆرانی واكاواكا كە لەبنچینەدا گۆرانییەكی كامیرۆنییەو شاكیرا بەشێوازێكی نوێ دەیڵێتەوە تائێستا زیاتر لەیەك ملیۆن دانەی ئۆرجینالی لێ فرۆشراوە. هەروەها تەنها لەماڵپەری یوتوبی بەناوبانگ ئەوا گۆرانی (واكا واكا)ی شاكیرا لەماوەی كەمتر لەیەك مانگدا زیاتر لە ٨٠ ملیۆن جار بینراوەو بیستراوە.

شایەنی گوتنە شاكیرا بەر لەیاری كۆتایی مۆندیال ئاواتەخواز بوو كە ئیسپانیا پاڵەوانێتیەكە بەدەست بهێنێت، لەكۆنگرەیەكی رۆژنامەوانی شاكیرا ئەوەی ئاشكراكرد كە ئەركی سەرشانیەتی هانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا بدات لەبەر ئەوەی ئەو خەڵكی وڵاتێكە كەبە ئیسپانی قسە دەكەن. لەكۆتاییدا شاكیرا كە خۆی بە "كچەكەی ئەفریقیا" ناودەبات، لەئاهەنگی كۆتایی مۆندیالدا دەركەوتو گۆرانی واكا واكای كردە دیاری بۆ هەموو لایەك.

### تاریق حەسەن سەرۆكی (یانەی وەرزشی مەخموور):

# بە هەڵبژاردن بوومەتە سەرۆك نەوەك بە بڕوانامەكەم

**تاریق حەسەن رەمەزان سەرۆكی (یانەی وەرزشی مەخموور)ەو دەرچووی كۆلێژی وەرزشی زانكۆی موسڵ، هەروەها لێپرسراوی چالاكی وەرزشی پەروەردەی مەخموورە، بەباشمانزانی لەنزیكەوە بۆ رۆژنامەكەمان بدوێ.**



**جەلال خەیلانی**

*** سەرەتا دەپرسین یانەی وەرزشی مەخموور كەیو لەسەر دەستی كێ دامەزرا؟**

- یانەی وەرزشی مەخموور لەساڵی ١٩٩٥ دامەزراوە، لەسەردەستی چەند گەنجێكو كەسانی بەتوانا، ئەوكات یاداشتێكیان پێشكەش بەلێژنەی ئۆلمپی نەینەوا كردو یانەكە مۆڵەتی وەرگرت، یەكەمین سەرۆكی یانەكە (د.دلێر سابیر بایز) بوو، دەستەی كارگێڕی یانەكەش (شەهید عەزیزقادر، مامۆستا موحسین، ئیبراهیم قادرو، چەند كەسێكی دیكەی بەتوانا بوون).

*** گرنگترین دەستكەوتەكانی یانەكەتان چییە ئەگەر باسی بكەی؟**

- یانەكەمان زۆر دەستكەوتی بەدەستهێناوە بەتایبەت گرنگترین دەستكەوتەكانمان لەیاری (بلیارد) لەسەر ئاستی هەرێمی كوردستان پلەی یەكەمان بەدەستهێناوە، لەیارییەكانی (مشتەكۆلە، بالە) توانیومانە پلەی دووەم مسۆگەربكەین، یانەكەمان بۆ ساڵی ٢٠٠٩ لەپلەی نایاب یاری دەكرد، بەڵام دواتر گەڕایەوە پلە دووی یانەكان، بەشێوەیەكی گشتی یانەكەمان لەیاری تۆپی پێ لەپلەی دوو یاری دەكات.

*** ئەو گرفتانە چین دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم یانەكەتان؟**

- بەپلەی یەكەم نەبوونی جێگای تایبەت بۆ مەشقكردن،و پێویستیمان بە یاریگایەك هەیە بۆ ئەم مەبەستە، هەروەها نەبوونی هۆڵێكی داخراو بۆ یارییەكانی (باسكەو باڵەو تۆپی دەست) تاكو یاریزانەكانمان بەباشی رابهێنینو خۆمان ئامادە بكەین بۆ خولەكانی عێراقو كوردستان. یاریەكانمان لەسەر چیمەتۆ سەریان هەڵداوە.

*** راستە دەڵێن لەبەر ئەوەی بڕوانامەی وەرزشیت هەیە بۆیە بوویتە سەرۆك یانەكە؟**

- من ئەو بڕوانامەم بەدەست هێناوە هێشتا هیچ یانەیەك لەمەخموور نەبوو، خۆشم بۆ ئەم مەبەستە هەوڵم نەداوە، بۆ خزمەتی مامۆستایەتیو ئامانجی خۆم بژێوی ژیانم نەك بۆ سەرۆكی یانە، سەرۆكی یانەی مەخمووریش بە هەڵبژاردن بوو ئەوە دیاربوو چۆن بوو.

*** بەڕای تۆ یەكگرتنەوەی هەردوو یانەی مەخموورو قەرەچووغ تاچەند خزمەت بەوەرزشی مەخموور دەكات؟**

- بەڵێ پێموایە زۆر خزمەت دەكاتو ئەم یەكگرتنەوەیە لەجێگای خۆی بوو، ئەوەبوو لە ٢٠٠٩/١٠/١٢ توانیمان رێك بكەوینو دەستەیەكی نوێ بۆ یانەكەمان هەڵبژێرین، چونكە مەخموور ناتوانێت دوو یانە لەخۆ بگرێت، كە زانیمان یاریزانەكان خەریكە پەرتەوازە دەبنو ئەنجامەكانمان خراپ دەبێو وەرزش لە دەڤەرەكە بەرەو هەڵدێر دەچێ، بەراستی دەستكەوتێكی باش بوو لەلایەن ماددیو وەرزشی.

*** باس لەوە دەكرێ هەردوو یاریزانی نێودەوڵەتی (هاوار مەلا محەمەدو یونس مەحموود) سەرەتا لەیانەی مەخموور یاریان كردووە؟**

- بەڵێ بەشانازیەوە (هاوار مەلا محەمەد) ئەوكات لەموسڵ بوو لەساڵی (١٩٩٧) وەك یاریزانێك لەیانەی مەخموور یاری كردووە، هەروەها یاریزان (یونس مەحمود)یش بەهەمان شێوە.

*** بەڕای تۆ ناسراوترینو ناودارترین وەرزشوانی مەخموور كێیە؟**

- ئەوەی من بیزانم ئەوا مامۆستا (موحسین كەریم) خوا لێی خۆشبێت، لەو جۆرە وەرزشوانانەبووە كە مەخموور شانازی پێوە دەكات، خۆم وەك سەرۆكی یانەی مەخموور كاتی خۆی لەژێر دەستی ئەو پەروەردە بووم، بێگومانیش هەر مامۆستا موحسین دامەزرێنەری یانەی وەرزشی مەخموور بوو.

## پرسەنامە

**بەناوی لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەكەمانەوە پرسەو سەرەخۆشی ئاراستەی بنەماڵەی وەرزشوانو رۆژنامەنووس (سەدیقی گچكە) دەكەین كە رۆژی ٢٠١٠/٧/١٣ بەنەخۆشییەكی كوشندە ماڵئاوایی لەهەموو لایەك كرد، خودای گەورە بەبەهەشتی بەرینی خۆی شاد بكات، انا لله وانا الیه راجعون.**

**دەنگی مەخموور**

مۆبایلی سەرنووسەر
٠٧٥٠ ٤٦٥ ٥٤٦٣

دەستەی نووسەران
خەلیل پاڵانی
عەبدولرەحمان ئادەم

پەیامنێران
جەلال خەیلانی - چریكە مەخمووری
كارزان غەمگین - هەڵمەت فاخیر

ناونیشان
كوردستان - هەولێر — مەخموور
www.mexmurpress.com